## له سەر و بەندی هێرشی سوپای تورکیا بۆ کوردستان

## بە پێویستم زانی د. فائق گوڵپی، سەرۆکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بە سەر بکەینەوە و بزانین ئەم هەل و مەرجە چۆن شرۆڤە دەکات.

ئامادە کردنی: ئاسۆ گۆران

پەیامنێری بۆپێشەوە



1. ئایا ئێوە وەک پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان چۆن دەڕوانن هەل ومەرجی ئێستای کوردستان لەبەرامبەر ئەگەری هێرشەکانی تورکیادا؟

وەڵام/ لە سەر ئاستی کۆمەڵگا، سەرتاپای چین و توێژەکانی کۆمەڵ دژی داگیرکردنی باشوری کوردستان و دژی هێرشی سەر گەریلاکانی (پ ک ک)هەڵوێستیان نیشاندا، ئامادەیی بەرگری و قوربانیدانیان تێدا دەبینرێت، بە چالاکی دیموکراتی و جەماوەری نیشانی ئەدەن کە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکەیان پێ پەسەندە ترە تا پەنابردن بۆ شەڕ. لە سەر ئاستی حزبە دەسەڵاتدارەکانی باشور و حکومەتی هەرێم، هەڵوێستێکی نەرم لە بەرامبەر هەڕەشەکانی تورکیادا دەبینرێت، لە ناو ئەو هەڵوێستە نەرمەشدا، یەکێتی و یەکگرتو لە حزبەکانی تر نەرمترن. حکومەتی عێراقی لە سەر زاری مالکی سەرەک وەزیرانەوە هەڵوێستی زۆر نەگەتیڤە، بە تەواوی لەگەڵ تورکدایە، بڕوای بەوە نیە کە کێشەی کورد لە تورکیادا هەبێت. هەرچی حکومەتی ئەمریکایە کە دەسەڵاتداری ڕاستەقینە و فەرمی عێراق و هەرێمی کوردستانە، لە ڕووی جێگیری و تێکچوونی ئاسایشی خۆیەوە، لە ڕووی بەرژەوەندی ستراتیجی خۆیەوە سەیری کێشەکە دەکات، لە نێوان پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دۆستایەتی تورکیادا گیری خواردووە، ئەگەر هاوکاری سوپای تورکیا بکات لە دژی (پ ک ک)، ئاسایشی ئەو سێ پارێزگایەی هەرێمی کوردستان تێکدەچێت و ئەگەری ئەوەش هەیە (پ ک ک) لەگەڵ ئێران و ڕوسیا هاوپەیمانی ستراتیجی ببەستێ و بە زیانی ئەمریکا بشکێتەوە، ئەگەر ئەوەش نەکات ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکا دۆستێکی کۆنی (تورکیا) خۆی لێ دووربکەوێتەوە و زیاتر لە ئێستە لە ئێران و سوریە نزیک بکەوێتەوە.

2. پێت وایە تورکیا تەنها مەبەستی هێرشە بۆسەر بارەگاکانی پەکەکە و بەس؟

وەڵام/ مەبەستی تورکیا لەم هێرش و هەڕەشانە تەنها (پ ک ک) نیە، تورکیا لە بنەڕەتدا دژی بەرنامەی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانە لە ناوچەکەدا، بەردەوامە لە ئاستەنگی دروستکردن لەڕێگەی بەرنامەی دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی ئەمریکادا، لەبەر ئەوەی تورکیا ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە موڵکی خۆی دەزانێت. تورکیا دژی سیستەمی سیاسی نوێی دەوڵەتی عێراقە، دژی سیستەمی فیدراڵی و دیاردەی سیاسی فرەنەتەوەییە، ئاستەنگی بۆ ئەو سیستەمە سیاسیە و بۆ پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا درووستدەکات، بەم هەڕەشە و هێرشانەش دەیەوێت بەتەواوی ئەو سیستەمە لاواز بکات و دەستوری هەمیشەیی عێراق لە کار بخات. تورکیا دژی هەر دەسکەوتێکی گەلی کوردە لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێت، بۆیە لاوازکردن و ڕووخاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێگەگرتن لە جێبەجێکردنی مادەی 140 دەستوری عێراق بە ئەرکی هەرە گرنگی خۆی دەبینێ کە بەم هێرشانە ئەنجامی بدات. یەک لە ئامانجەکانی تری ئەم هەڵوێستە شەڕخوازیەی تورکیا ئەوەیە کە فشار بخاتە سەر حکومەتی ئەمریکا بۆ ئەوەی

کۆنگرێسی ئەمریکی واز لە بڕیاری جینۆسایدی ئەرمەنیەکان بهێنن. هەوڵدان بۆ لاوازکردن و لە ناوبردنی (پ ک ک) تەنها یەکێکە لە ئامانجەکانی ئەم هێرشە چاوەڕوانکراوەی تورکیا.

3. ئێوە چۆن ڕووبەڕوی ئەگەری ئەم هێرشە دەبنەوە؟

وەڵام/ لە قۆناغی یەکەمدا ئێمەش وەک هەر لایەنێکی نەتەوەیی ئاشتیخواز، کە بڕوای بە تێکۆشانی دیموکراتی و خەباتی دیبلۆماسی هەیە، ئەبێ لە ڕێگەی تێکۆشانی سیاسی و جەماوەری و دیبلۆماسیەوە هەوڵبدەین ئەم هێرشە پێکنەیەت و شەڕ دروستنەبێت و کێشەکە بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتدارانی تورکیا هەر لە سەر هەڵوێستی شۆڤینیستی و شەڕخوازی خۆیان سوور بوون و هێرشیانکرد، ئێمەش وەک هەر لایەنێکی سیاسی و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی گەل و نیشتمانی خۆمان دەپارێزین.

4. پێتان وایە تورکیا ئێستا لە قەیراندایە بەتایبەتی دوای بڕیاری کۆنگریسی ئەمریکی کە تورکیای بە جینۆ سایدی ئەرمەنەکان تاوانبار کرد؟

وەڵام/تورکیا چەندان قەیرانی لە خۆوە گرتووە، قەیرانی ئابوری، کە دەیەوێت لەڕێگەی بوون بەئەندامی یەکێتی ئەوروپاوە، بڕێکی ئەو قەیرانەی بۆ چارەسەربکرێت، وە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەژمونی خۆی لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڕێکی تری قەیرانەکەی چارەسەر بکات، بەڵام ئەم دوو ستراتیجیەش بەلا ی زۆر کەسەوە دژ بە یەکن و قەیرانەکانی تورکیا زیاترقووڵدەکەنەوە.کێشەی نێوان دەسەڵاتی سوپا و دەسەڵاتی مەدەنیەکان، کێشەی نێوان دەسەڵاتدارانی سکۆلار و ئاینیەکان، قەیرانێکی تری نێوان پێکهاتە دەسەڵاتدارەکانی تورکیایە، لە ڕێگەی هەڕەشەی هێرشی باشوری کوردستانەوە دەسەڵاتدارە مەدەنی و ئاینیەکان دەیانەوێت پێگەی خۆیان بەهێز بکەن. قەیرانی کێشە نەتەوەییەکان، دەوڵەتی تورکیا تا ئەمڕۆش بە دید و زهنیەتێکی نەتەوەپەرستانە سەیری کێشەی نەتەوەکانی ناو تورکیا دەکات، کێشەی لەگەڵ گەلانی یۆنان و عەرەب و چەرکەس وئەرمەنی و کوردا هەیە، دان بە جینۆسایدی گەلی ئەرمەندا نانێت، نکوولی لە کێشەی کورد دەکات یان هەوڵئەدات کێشەی کورد بە ئاراستەیەکی ئیسلامگەراییدا ببات و وەک سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی تورک بکات بە ئاغای کوردی موسڵمان و بۆ هەر کارێک بیەوێت بەکاریبهێنێ. لەگەڵ بڕیاری لێژنەی دەرەوەی گونگرێسی ئەمریکی سەبارەت بەجینۆسایدی ئەرمەن و دەنگۆی دابەشکردنی عێراق و شکستەکانی سوپای تورکیا، دەوڵەتی تورک دووچاری هیستریای سیاسی هات و بڕیاری هێرشی سەربازی سەر باشوری کوردستانی بە خۆدەربازکردنی ئەم قەیرانانە بینی.

5. هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ لە کاتێکدا ئەم هێرشە پێشێلکردنی سەروەری خەڵکی کوردستانە

وەڵام/ هەڵوێستی حکومەتی هەرێم بە شێوەیەکی گشتی هەڵوێستێکی نەرم بوو، دوولایەنە بوو، هەڵوێستی سەرۆکی هەرێم لە جێی خۆیدا بوو، هەڵوێستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سازشی پێوە دیاربوو، هەڵوێستی پەرلەمان پۆزەتیڤ بوو، هەڵوێستی وەزارەتی پێشمەرگە نەتەوەیی و لۆژیکی بوو، هەڵوێستی دەسەڵاتی هەولێر لە هەڵوێستی دەسەڵاتی سلێمانی لە دژی هێرشی تورکیا باشتر بوو، لە نێوان قسە و کرداریشدا ناکۆکی هەیە، ئەم هەموو ناکۆکی و جیاوازیە لە نێوان هەڵوێستی سەرکردە و دەزگا و حزبەکانی باشوری کوردستاندا بەرامبەر بە کێشەیەکی وا چارەنوسساز، نیشانەی نەبوونی یەک سیاسەتی نەتەوەییە، ئەم هەڵوێستە جیاواز و ناکۆکانە نیشانیدا کە ئەو ڕێکەوتنە ستراتیجیەی نێوان پارتی و یەکێتی، نەک هەر ڕێکەوتنی ستراتیجی نیە، ڕێکەوتنێکی تەکتیکیش نیە.

6. هەڵوێستی حکومەتی عێراق زۆر سازشکارانە دێتە پێش چاو. ئایا ئێوەش وای دەبینن؟

وەڵام/ هەڵوێستی حکومەتی عێراق نەک هەر سازشکارانەیە، من وای بۆدەچم کە حکومەتی مالکی غیرەتی داوەتە دەوڵەتی تورکیا بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ هەڵوێستێکی وا بکات، من جیاوازی لەنێوان حکومەتی مالکی و حکومەتەکانی

پێشووی عێراقدا نابینم، تەنها ئەوە نەبێت کە حکومەتی مالکی لە رووی سەربازیەوە لاوازە و ناتوانێ باشوری کوردستان داگیربکاتەوە، حکومەتی مالکی لە جێبەجێکردنی مادەی 140 خۆی دزیەوە، لە سەر بابەتی نەوت و سەرچاوە ئاویەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا ناکۆکی هەیە، رێکەوتنی نێوان وەزیری ناوخۆی عێراق و تورکیا لە سەر کێشەی (پ ک ک) کە تایبەتە بە دەسەلاتی هەرێمی کوردستانەوە، لادانە لەدەستوری عێراق وپێشێلکردنی مافی گەلی کوردە .مالکی لە لایەکەوە کەسێکی نەتەوەپەرستی عەرەبە و دژی ماف و ئازادی گەلی کوردە، لەلایەکی ترەوە کەسێکی شیعەیە و لە رووی ئایدۆلۆژی و ستراتیجەوە وابەستەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و لەبەر خاتری ئێران دژی (پ ک ک) و (پەژاک) دەسەلاتی حکومەتی عێراق بەکاردەهێنێ.

7. نکوڵی کردن لە ئیرادەی بیست ملیۆن کورد لە کوردستانی تورکیادا مانای چیە؟ لەکاتێکدا تورکیا بەناوی شەڕی دژە تیرۆرەوە هاتۆتە مەیدان و پەکەکە وەک هێزێکی تیرۆریست ناو دەبات؟

وەڵام/ لە سەردەمی جیهانگیری سەدەی بیست و یەکدا، نکوڵێکردن لە مافی هەر نەتەوەیەک یان هەر پێکهاتەیەکی تر، بە واتای پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نامۆ بە سەردەم دێت، هەر دەوڵەت و هێزێکی سیاسی ئەم جۆرە سیاسەتانە پەیڕەوبکات، ئەگەر بەزووترین کات خۆی نەگۆڕێت و زهنیەتی نەتەوەپەرستی لە کۆڵ خۆی نەکاتەوە و سیاسەتێکی دیموکراتی نەگرێتەبەر، سیاسەتی خۆی لەگەل سیاسەتی باوی سەردەم جووت نەکات، چارەنوسی وەک ئەو رژێمانەی تر دەبێت کە لە سەدەکان و سالانی رابوردوودا ئەم سیاسەتەیان بەرێوەبرد، ئەڵمانیای نازی و یۆگۆسلاڤیا و رژێمی سەدام نمونەی ئەو جۆرە رژێمانەن کە لەبەر سیاسەتی نەتەوەپەرستیان، بە ناو و زهنیەت و سیستەمەوە چوونەناو زبڵدانی مێژوەو بەر نەعلەتی مرۆڤایەتی کەوتن، ئەگەر رژێمی تورکیاش لە سەر ئەم سیاسەتەی ئێستەی بەرامبەر بە گەلی کورد وگەلانی تری غەیرە تورکی ناو تورکیا بەردەوام بێت دڵنیام بە زووترین کات مێژوو لە باوەشی خۆی دەریدەکاتە دەرەوە.

8. لەگەڵ ئەوەی تورکیا یەکێکە لە دەوڵەتە فاشیستەکانی ناوچەکە بەلام زۆر لوتی بەرزەو خۆی بە مسؤل دەزانێ لەبەرامبەر کێشەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا و لە خەیاڵی دوا ئیمپراتۆری ئێسلامیش کە (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو) وەئاگا نەهاتۆتەوە تا ئێستاش خۆیان بەخاوەنی ئیسلام دەزانن بەرێزتان چۆنی دەبینن؟

وەڵام/ ئەو هەڵسەنگاندنەی ئێوە ڕاستە، ماوەی هەشتا ساڵ زیاترە، گەل و دەسەلاتی تورکیا بە ئایدۆلۆژیای نەژادپەرستی کەمالیزم پەروەردەدەرکێت، تورکیا تەنها ولاتی ناوچەکەیە کە ئەندامی پەیمانی ناتۆیە، پێوەندی هەمە جۆری لەگەڵ ولاتە ئەوروپیەکان و لەگەڵ ئەمریکیەکاندا هەیە، خۆی بە براگەورەی ئەو ولاتانە دەزانێت کە بەڕەگەز تورکن، خۆی بە باوکی تورکمان وتورک دەزانێت لەو ولاتانەدا کەتورکمان وتورک دەسەلاتدارنین. تورکیا وەک ولاتێکی ئیسلامی سوننە کە نزیکەی چوار سەدە لە رێگەی ئیسلامەوە حوکمی زۆربەی ولاتە ئیسلامیەکانی کردووە، ئەو هەواو هەوەسە لە زاکیرەیدا تا ئەمرۆش ماوەتەوە، ئەگەر زەمینەی لە بار بۆ گێڕانەوەی ئەو دەسەلاتەی جارانی تورک بێتە پێشەوە، ئامادەیە جارێکی تر بەختی خۆی تاقی بکاتەوە .ئەمانەی سەرەوە کۆمەڵێک لەو هۆکارانەن کە وا لە تورکیا دەکات لە خۆی بایی بێت و لوتی بەرزبێت، بەلام ئەم جۆرە لووتبەرزیە لەم سەردەمەدا سوودی بۆ تورکیا نیە و دیاردەیەکی کۆنی بەسەرچووە، تورکیا دووچاری کێشە دەکات.

9. ئەمەریکاو تورکیا چەند ساڵە نێوانیان خۆشنیە بەلام لەسەر ئەم مەسەلەیە ئەمەریکا پاڵپشتی تورکیا دەکات بە جۆرێک و تەنانەت نەرمیش دەنوێنیت و ئەردۆغانیشی بانگهێشتی ئەمەریکا کردووە خوێندنەوەی تۆ بۆ ئەم مەسەلەیە چۆنە؟

وەڵام/لە رابوردوودا پەیوەندی نێوان ئەمریکا وتورکیا ستراتیجی بوو، بە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران گرنگی تورکیا بۆ ئەمریکا کەم بۆوە، بە داگیرکردنی ئەفغانستان وعێراق لەلایەن ئەمریکاوە هێندەی تر گرنگی ستراتیجی تورکیا کەم بووەوە، بەلام تورکیا بۆ ئەمریکا و بۆ رۆژئاوا هەرپێویستە، لە هەمان کاتدا هەندێ سیاسەتی ناوخۆیی تورکیا هەیە

ئەمریکا پێی ڕازی‌نیە، بەم شێوەیە دەبینین پێوەندی نێوان ئەمرکیا و تورکیا لە حاڵەتی یەکگرتنەوە، بۆ حاڵەتی ململانێ و یەکگرتن گواستراوەتەوە. پێوەندی نێوان تورکیا و ئەمریکا لە سەر کێشەی (پ ک ک) لە حاڵەتی ململانێ و یەکگرتندایە، لەو کاتەوە ئەمریکا عێراقی داگیرکردوە، تورکیا بەردەوام داوا لە ئەمریکا دەکات چۆن هێرشی کردە سەر ڕێکخراوە ئیسلامیەتیرۆرستیەکان بەهەمان شێوەش هێرش بکاتە سەر بنەکەکانی (پ ک ک) لە عێراق، لەبەر ئەوەی (پ ک ک) لە لای ئەمریکیەکان لە لیستی تیرۆردایە، بەڵام ئەمریکا ئەم داوایەی تورکیا جێبەجێناکات، لەبەر ئەوەی لێدانی (پ ک ک) بۆ جێگیرکردنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و عێراق زیانبەخش دەبێت و لە ڕووی ستراتیجیشەوە لاوازکردنی هێزێکی کوردستانی سکۆلاری وەک (پ ک ک) لەناوچەکەدا بە زیان بۆ ئەمریکا دەگەڕێتەوە. بۆیە من پێم وایە لە پێوەندی نێوان (پ ک ک) ودەوڵەتی تورکیا هەڵوێستی ئەمریکا تا ئێستە لە بەرژەوەندی تورکیا نەبووە، لە ئایندەشدا هەر وا دەبێت، ئەمریکا دەیەوێت پێوەندی نێوان کورد و تورک خۆش بکات و هەردووکیان لە قازانجی ستراتیجی خۆیدا بەکاربهێنێ. بە گوێرەی ئەو ڕووداوانەی ڕۆژانی ڕابوردوو ئەگەر کورد وریا بێت چوونی ئەردۆغان بۆ ئەمریکا هێندە کاریگەری نەگەتیڤی لە سەر کێشەی کورد نابێت، لەوانەیە ئەمریکا هەندێ هاوکاری تورکیا لە دژی (پ ک ک) بکات، بەڵام هاوکاریەکان سنوردار و کاتی دەبن.

10. هەموومان دەزانین عێراق بە کوردستانیشەوە وولاتێکی داگیرکراوەو لە ژێر دەسەڵاتی ئەمەریکادایە واتە ئەمەریکا لە ناوچەکەدا حاکمە هەر جمووجۆڵێک یان هێرشێک بۆ کوردستان هێرشە بۆسەر بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا ئەمەش قابیلی قبووڵ نیە لە لایەن ئەمەریکاوە. ئێوە تەفسیرتان چیە بۆ ئەم مەسەلەیە؟

وەڵام/ ئەو هەڵسەنگاندنەی ئێوە ڕاستە، بۆیە ئەمریکا دەیەوێت ڕێگە لەپێش هێرشی سەربازی تورکیا بگرێت و بە شێوازی تر هاوکاری تورکیا بکات، بۆ نموونە ئەمریکا زانیاری ئیستخباراتی لە سەر هێزەکانی (پ ک ک) دەداتە تورکیا، لەبەر خاتری تورکیا، ئەمریکا (پ ک ک)ی لەلیستی تیرۆردا داناوە، وە من لەم کاتەدا کەوەڵامی پرسیارەکانی ئێوە ئەدەمەوە ئاسایشی هەولێر بۆ ڕازیکردنی دڵی تورکیا جارێکی تر بارەگای پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان (پ چ دک)ی لە شاری هەولێرداگیرکرد و دایخست،لەبەر ئەوەی (پ چ د ک) بە باڵی (پ ک ک) باشوری کوردستان دەزانن.

دکتور فایق محەمەد گوڵپی 3-11-2007